# فەزڵ و پلەو پایەی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان

[ بە کوردی ]

فضائل شـهر رمضان

[ باللغة الكوردية ]

نوسـینی : حاجی ئومێد چروسـتانی

المؤلف : حاج أوميد جروسـتاني

پێداچونەوەی: پشـتیوان سـابیر عەزیز

المراجعة: بشـتيوان صابر عزيز

نوسـینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشـیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شـاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# فەزڵ و پلەو پایەی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان

مانگی ڕەمەزان لای خوای گەورەپیرۆزترین مانگەلەنێو مانگەکانی ساڵدا، هەروەها تایبەت مەندیەکی خۆی هەیەلای خوای گەورەو میهرەبان چونکەئەجرو پاداشتێکی ئێکجار زۆر و گەورەی تیادایەبۆ موسڵمانان، ئەم مانگەشەوی قەدر( لیلة القدر ) ی لەنێودایە، لەم شەوەدا پەروەردگار بەڕێزترین فریشتەی لەفریشتەکانی خۆی ڕەوانەی سەرزەوی کرد بەپیرۆز ترین شتێکەوەکەکەلامی ڕەبو العالمين و ذاتی حق تەعالای خۆی بوو بۆ گرۆهی ئادەمیزاد ،لەنێوەندی ئەو مانگانەشدا کەهەیە، تەنها خوای گەورەلەقورئانی پیرۆزدا باسی ئەم مانگەپیرۆزەی کردووە، ئەوەتانێ خوای گەورە دەفەرموێت : ( شهر رمضان الذي أنزل فيه القرآن هدى للناس وبينّات من الهدى والفرقان فمن شهد منكم الشهر فليصمه ) واتە: مانگی رەمەزان ئەو مانگەیەکەپەروەردگار قورئانی پیرۆزی تیادا دابەزیکە مایەی هیدایەت و ڕێنمونی یەبۆ گشت خەڵکی و بەڵگەلێکیشی تیادایەلەڕێنمونی و جیاکردنەوەی حەق لەباطل ، جا هەرکەس لەئێوەئەم مانگەی بینی با بەڕۆژوو بێت .

گومانی تیادا نی یەکاتێك پەروەردگار قورئانی کردەدیاری خۆی بۆ مرۆڤایەتی ، سەرزەوی لەنەفامی و گومڕایدا غەرقی تاوان و بێ ئاپرووی و دواکەوتووی بووبون تاوەکوپەروەدگار لەم مانگەدا قورئانی پیرۆزی کردەخەڵات و ئیتر ئەوەسەرەتای ڕزگار کردنی ئەو کۆت و بەندایەتی یەبوو کەهەزاران ساڵ بوو مرۆڤایەتی پێوەی دەتلایەوە، محمدی کوڕی عەبدوڵای کردەکۆتا پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) و مەشخەڵ هەڵگری پەیامی ئازادی و ڕزگاری و دادپەروەری ، ئازادکردنی خەڵکی لەبەندایەتی بەندەکانەوەبۆ بەندایەتی خوای گەورە، ڕزگار کردنیان لەکۆتی جەهالەت و دواکەوتوویەوەبۆ نووری ئیسلام ، وبەرپاکردنی و پراکتیزەکردنی دادپەروەری ویەکسانی لەنپوان تاکەکانی کۆمەڵدا ، .

شەوی قەدری بەرزو پیرۆز یەکێکەلەو فەزڵەگەورەیەی کەئەم مانگەی پێدا دەناسرێتەوە، بەشێوەیەك ئەگەر مرۆڤی موسڵمان ئەو پاداشت و خەڵاتەڕەبانی یەی لەکیس چوو کەپەروەردگار تایبەتی کردووەبەم مانگەوەو بەتایبەتر بەم شەوەوەبەهیچ شتێك قەرەبوو ناکرێتەوە، چونکەخێر و پاداشتی لای خوای گەوەر گەوەرتر زیاترەلەهەزار مانگ کەدەکاتەهەشتاو سێ ساڵ زیاتر بەندایەتی کردن هەروەك خوای گەورەدەفەرموێت : ( إنّا أنزلناه في ليلة القدر، وما أدراك ما ليلة القدر، ليلة القدر خير

من ألف شهر، تنزّل الملائكة والروح فيها بإذن ربهم من كل أمر، سلامٌ هي حتّى مطلع الفجر ) واته : ئێمەقورئانی پیرۆزمان ناردەخوارەوەلەشەوی قەدردا ، تۆ چی دەزانی لەبارەی شەوەی قەدرەوە،شەوەی قەدر باشتر و خەیری زیاترەلەهەزار مانگ ، لەوەشەوەدا فریشتەکان و جوبرەئیل بەڕەزامەندی و فەرمانی پەروەردگاریان دادەبەزن ، ئاشتی پەروەردگار ئەو کەسانەدەگرێتەوە کەئەم شەوەیان زیندوو کردوەتەوەتا دەرکەوتنی شپێدەی بەرەبەیان .

هەروەها لەفەرمودەیەکی سەحیحیشدا هاتووەکەدەفەرموێت : " من قام ليلة القدر ايمانا واحتسابا غفر له ماتقدم من ذنبه" واتە هەر کەسێك شەوی قەدر هەستێت وزیندووی بکاتەوەبەعبادەت و خواناسی و باوەڕی تەواوی پێ هەبێت و ئەنجامی بدات ، ئەوەپەروەدگار لەگوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێت " .

پێغەمبەری پێشەوایشمان ( صلى الله عليه وسلم ) سەبارەت بەپاداشتی گەوەری مانگی ڕەمەزان دەفەرموێت : " كُلُّ عَمَلِ ابْنِ آدَمَ لَهُ إِلاَّ الصِّيَامَ فَإِنَّهُ لِي وَأَنَا أَجْزِي بِهِ، وَالصِّيَامُ جُنَّةٌ، وَإِذَا كَانَ يَوْمُ صَوْمِ أَحَدِكُمْ فَلاَ يَرْفُثْ وَلاَ يَصْخَبْ، فَإِنْ سَابَّهُ أَحَدٌ أَوْ قَاتَلَهُ فَلْيَقُلْ إِنِّي امْرُؤٌ صَائِمٌ، وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ، لَخُلُوفُ فَمِ الصَّائِمِ أَطْيَبُ عِنْدَ اللَّهِ مِنْ رِيحِ الْمِسْكِ، لِلصَّائِمِ فَرْحَتَانِ يَفْرَحُهُمَا:إِذَا أَفْطَرَ فَرِحَ، وَإِذَا لَقِيَ رَبَّهُ فَرِحَ بِصَوْمِهِ) ، بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە، واتە : هەموو کارو کردەوەی خەڵکی بۆ خۆیانەتەنها ڕۆژوو نەبێت ، ڕۆژوو بۆ منەو تەنها خۆشم پاداشتی دەدەمەوە، ڕۆژوو قەڵغانی خـاوەنەکەیەتی( واتە پارێزەریەتی لەئاگری دۆزەخ ) جا ئەگەر یەکێك لەئێوەبەڕۆژوو بوو با قسەی بێ هودەوەو خراپ نەکات ،تەنانەت ئەگەر کەسێکیش جنێوێکی پێدا یان شەڕی لەگەڵ کرد با لەوەڵامدا بڵێ : من بەڕۆژووم ، سوێند بەوەکەسەی گیانی موحەمەدی بەدەستەبۆنی دەمی ڕۆژووەوان لای پەروەردگار لەبۆنی میسك خۆشترە، ڕۆژووەوان دوو خۆشی و شادی بۆ هەیە، یەکەمیان کاتی بەربانگ و ڕۆژوو شکاندنە، دووەمیشیان کاتێکەلەڕۆژی دوایدا دەگاتەخزور و خزمەتی خوای گەوەرە.

یەکێکی تر لەفەزڵ و گەورەیەکانی ئەم مانگەئەوەیە، فریشتەکان لەم مانگەدا داوای لێخۆش بوون دەکەن بۆبەندەڕاست و دڵسۆزەکانی خوا ،هەروەك لەفەرموودەیەکدا هاتووەکەئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە، پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەمروێت : " وتستغفر لهم الملائكة حتى تفطروا " واتە : فریشتەکان داوای لێخۆش بوون دەکەن بۆ ڕۆژوەوانان تاکی بەربانگ کردنەوە، گومانی تیادا نی یەفریشتەکان کۆمەڵەمەخلوقاتێکی بێ گوناهی پاکی خوای گەورەن ، شایانی ئەوەن کەپەروەدگار نزاو و داواکانیان لێ گیرا بکات ، لەو کەسانەش خۆش بێت کەئەوان داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکەن ، هاوکات لەگەڵ نزای فریشتەکاندا ، پەروەردگار لەزۆر جێگادا

بەڵێنی داواەبەبەندەکانی لێیان خۆش بێت مەرجێك هاوەڵ و شەریك بۆ خوا پڕیار نەدەن هەروەك لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت ( إنَّ اللّهَ لا يَغفِرُ أنْ يُشرَك به وَيَغفِرُ مَادونَ ذلك لِمَنْ يَشاءُ ) واتە : پەروەردگارتان لەهەموو تاوانەکانتان خۆش دەبێت ئەگەر بیەوێت، بەڵام هەرگیز لەو کەسەخۆش نابێت کەهاوەڵ و شەریکی بۆ پڕیار دەدات ، هەروەها  لەفەرموودەیەکی قودسیشدا هاتوەکەپەروەدگار دەفەرموێت : " يا عبادى انكم تخطئون بالليل والنهار وانا اغفر الذنوب جميعا فاستغفرونى اغفر لكم " واتە ئەی بەندەکانم ئێوەبەشەو ڕۆژ گوناهـ و تاوان دەکەن ، و منیش لەهەموو گوناهـ و تاوانێك خۆش دەبم ( جگەلەشرك ) نەبێت ، دەی ئێوەداوای لێخۆش بوونم لێ بکەن تا لێتان خۆش ببم ، جا کەوا بێت ئەگەر ئەم دوو داواکاریەکۆ ببێتەوەو یەکبگرن ، داواکاری لێخۆشبوونی فریشتەکان بۆ بەندەکانی خوا لەگەل داواکاری بەندەکانیش خۆیان ، گومان لەوەدا نی یە کەپەروەدگارش زۆر زۆر لەدایك و باوك بەڕەحم و بەسۆز ترەبۆ بەندەکانی بەیارمەتی خوا ، ئەنجامی ئەم نزاو داوایانەلەم مانگەپڕ خێر و بەرەکەتەدا ، هەر لێخۆش بوونی خودایەئینشا الله ، جا براو خوشکانی بەڕێزو خۆشەویست با هەمووسان ئەم مانگەبەهەل وەربگرین بۆ لێخۆشبوونی تاوانەکانمان و بیکەین بەوێسگەی بتەوکردنەوەی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ خالقی ئەرزو ئاسماندا ن تاوەکو بیکەین بەمانگی ئاشت بوونەوەو تەوبەو پەشیمانی لەگەڵ پەروەردگاردا ، خەسارۆمەندی بۆ کەسێك ئەم مانگەبەسەریدا تێ بپەڕێت و بیرێکی لەپاشەڕۆژی خۆ نەکردبێتەوەپاش مردنی ، جێگا و مەنزڵێکی بۆ خوی ئاوەدان نەکردبێتەوەبەکارو کردەوەچاکەکانی بەتایبەتی لەم مانگەپیرۆزەدا .

لەفەزڵ و تایبەت مەندیەکانی تری  ئەم مانگەپیرۆزەئەوەیەخێر و صەدەقەکردن تێیایدا باشتر و چاکترەلەمانگەکانی تر ، لەفەرموودەیکەدا هاتوەکەئیمامی تورمذی ڕیوایەتی کردوە، کەپرسیار کرا لەپێغەمبەری خوا ( صلی الله علیە وسلم ) کەچ صەدەقەیەك خێری زیاترەئەوەیش لەوەڵامدا فەرمووی : الصدقة في رمضان " واتە : خێر و صەدەقەیەك کەلەمانگی ڕەمەزاندا بکرێت ، ابن العباس یش ڕیوایەتی کردوەلەپێغەمبەری خواوە( صلی الله علیە وسلم ) کەدەفەرموێت " كان رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) أجود الناس وكان أجود ما يكون في رمضان حين يلقاه جبيرل فيدراسه القرآن وكان جبريل يلقاه كل ليلة من شهر رمضان فيدراسه القرآن ، فرسول الله أجود من الريح المرسلة " واتە : پێغەمبەری خـوا ( صلی اله علیە وسلم ) سەخی ترین کەس بووە، وەلەڕەمەزاندا لەهەموو کاتێك سەخی تر دڵ گوشادترەبووە، کاتێك کەجوبرەئیل دەگەشت پێی و قورئانی پێ دەوتەوە، جوبرەئیل هەموو شەوێکی رەمەزان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا کۆ دەبویەوەو قورئانی پێ دەوتەوە، پێغەمەبەری خواش لەشنەی با سەخی تر بووە.

یەکێکی تر لەفەزڵ و گەورەیەکانی مانگی ڕەمەزان ئەوەیەعومرەکردنێك لەم مانگەدا وەك حەجێك وایەکەلەگەڵ پێغەمبەری خوا ( صلى اله عليه وسلم ) کرا بێت ،لەم بارەیەشەوەپێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : عمرة في رمضان تعدل حجة " لەڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت : " تعدل حجة معي " . ئەم فەرمودەیەش ئیمامی بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کرددوە.

لەکۆتایدا داواکارم لەپەروەردگاری باڵادەست بەڕەحم و کەرەمی خۆی لەفەزڵ و چاکەو بەرەکەتی ئەم مانگەپیرۆزەبێ بەش و مەحرومان نەکات ( آميـــــــــن ) .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين